# له یادی ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا

# با ڕێگای کۆتایی هینان بە ئاوارەیی بگرینەبەر!

عەبدوڵا محمود

14ساڵ بەر لەئەمرۆ، خەڵکی کوردستان ئاوارەی سنورەکانی عیراق–ئیرانو عیراق –تورکیا بوون. ئاوارەییەك کە لەهەموو دیرۆکی خەڵکی کوردستاندا بێوێنەو پرتراژیدیایەکی سەرسورهێنەر بوو. نەهیچ نوسەرێك ئەتوانێ لەچوارچێوەی ووتاردا جێگای خۆی بۆ بکاتەوە، و نەهیچ شاعیرێك ئەتوانێ ئیقاعی ئەم مەرگەساتە بەیان بکات، نەهیچ ئاوازخوێنێکی پربەها ئەتوانی ئاوازی موسیقاکەی بەباڵای ئەم تراژیدیایە بگرێت، ئاخر ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، لافاوێك نەبوو بێرەحمی سروشت لەگەڵ خۆی هێنابێتی، رەشەبای سەرشێت نەبوو بۆ هەدادان مەرگ وماڵوێرانی بووێت، نا هیچ کام لەوانە نەبوو.

14 سال بەر لە ئێستا، خەڵکی کوردستان دوای راپەرین! و لەگەڵ یەکەمین هێرشی بەعسدا بۆ کوردستان، ئاوارە بوون. سوپای قەسابی کراوی بەعس، بە لەشی داهێزراوو تێکشکاوەوە قەساب ئاسا نمایشی هێزی خۆی بەسەر خەڵکی راپەریودا!! کرد. سەرەتا لە خواروی عێراق چەقۆیان لەکالان دەرکێشا و پاشان بەرەو کوردستان خزین.

خەڵکی کوردستان بەدرێژایی دەسەلاتی ڕژێمە قەومپەرستە یەك لەدوای یەکەکان، خەرمانەیەك لە مەرگەساتی وەکو شکنجە و ئیعدام، کوشتارو ئاوارەیی، بێماف و سەرکوتی سیاسی پشت سەرنابوو، بەڵام هەرگیز بەم شێوەیەی ساڵی 1991 خەڵك نەکەوتنە بەر داروخانێکی ئاوا بەکۆمەڵ،و ئاوارەییەکی ئاوا ملیۆنی، کەرۆژانە سەرماو برسیتی، هیلاکی و نەبونی کەمترین پێداویستی سەرەتایی گیانی مناڵانو بەساڵاچوانی ئەخستە گەروی تراژیدیایەکی بێ وێنەوە.

بەپێچەوانەی سەردەمەکانی تریشەوە، ئاوارەیی خەڵکی کوردستان لەکاتێکدا رویدا، کە بۆیەکەمین جار بوو بەعس ئاوا لاواز، تەریك، و لەولاشەوە خەڵك چەکدار بن، ئەحزاب چەکدار بن، کەچی ووشەی "هات" هەموو پێوانەکانی تاکتیکی سەربازی ئاوەژوو کردەوە، هەموو ووشەیەکی هات، بەمانای چۆڵکردن و راکردنی 100کیلۆمەتری دەشکایەوە، ئاوڕدانەوە نەبوو، ڕاکردن و چەك فرێدان، بێئومێدی و بی ئاسۆیی، قیبلەنومای ڕزگاری بوو!! رزگاری لەمەرگ، لە بەعس، ڕۆژانێکی سەخت بوو.

ئەگەر ڕوداوی ئاوارەیی بەڕاستی تراژیدیایەکی ئینسانی بێوێنەبوو، بەڵام تراژیدیای دواتری جەرگبرتر بوو، تەرحی ناوچەی ئارام کە لەگەڵ ئاوارەیی خەڵکی کوردستاندا هێنرایە گۆر، ئەحزابی قەومی کورد بێشەرمانە کەوتنە پێشوازی لێکردنی، کە ئەمەش بە رەسمی وبەکردەوە هێنانە خوارەوەی کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان بوو بۆکێشەی ئاوارەکان، و کوردستان لە کۆمەڵگایەکی نورماڵ داشۆردرا، و کرا بە هۆڵێکی ئاوارەیی، خەڵکی ناو ئەم ئۆردوگای ئاوارەیە بۆ بەرێوەچونی ژیانیان چاولەدەستی کۆمەکە

ئینسانیەکان کران، پاسەوانیەتی ئەم کۆمەڵگا سەرگەردانەش سپێردرا بەدەستی ئەحزابی میلیشیایی، دەوڵەت، یاسا، حکومەت،حەقی هاولاَتی بوون، لە هیچ ئاستێکدا نەمان.
لەوکاتەوە تائێستا خەڵکی کوردستان ناسنامەی هاوڵاتی بونیان دیار نیە، لەجغرافیای سیاسی دنیادا بی پێناسەن، کوردستان تائێستا نەبەشێکە لە عێراق و نە ئەم جیابونەوە عەمەلیەی 14 ساڵی رابردووی رەسمیەتی نێودەولەتی پێدراوە.
چ ئاوارەیی وچ هەلومەرجی نەخوازراوی دوای ئاوارەیی راستەوخۆ ئاکامی، خوشباوەری خەڵکی کوردستان بە ئەمریکاو غەرب، بە ئەحزابی قەومی کورد، بوو.
ئێستا دوای 14 ساڵ بەسەر کارەساتی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا،چ ئەمریکاو غەرب چ بەرەی بۆرژوازی عیراقی لەناویشیاندا یەکێتی و پارتی خەریکی چنینی نەخشەن بۆ تراژیدیایەکی تر، تراژیدیای گێرانەوەی کوردستان بۆ ژێرسایەی دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامی کۆنەپەرست، کە برینی ئاوارەیی و مەرگەساتەکانی تری وەکو کیمیایی و ئەنفال و زوڵمی قەومی دەکەنە مزمن.
خەڵکی کوردستان بۆ ناکام کردنەوەی ئەم نەخشانەو بۆ بەرگرتن بە گێرانەوەی کوردستان بۆ ژێرسایەی دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامی، تەنها رێگایەکیان لە پێشە، رێگای دورکەوتنەوەو خۆجیاکردنەوە لە ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆبونەوەیان لەدەوری ئاسۆی سوسیالستی، ئاسۆیەك کە تیایدا ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەکاتە مەبنا بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ئێستاو داهاتویان، ئاسۆی کۆبونەوە لەدەوری بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆجیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهینانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرەدینی و غەیرە قەومی لەکوردستان، ئەمە دەتوانێ ئایندەیەکی تر بێت، ئایندەیەك کە سەرگەردانی 14 ساڵەی پێشو بە قازانجی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێدەهێنی و دەستی ئەحزابی قەومی کوردیش بەسات وسەودا بەکارەساتەکان‌و هاوکات قەڵەمرەوی دەسەڵاتی میلیشیایان بۆ هەمیشە دەخاتە کەنارەوە، و لە جێگایدا دەوڵەت و یاسا، حکومەت و بەرەسمی ناسینی مافە فەردی ومەدەنیەکان فەراهەم دەکات و بۆ هەمیشەش زوڵمی قەومی سەرخەڵکی کوردستان کۆتایێ پێدەهێنێت، هەر ئەم رێگایەشە رێگای کارسازو خێرا بۆ بەرگرتن بە کارەساتەکانی داهاتوو .
پشتکردنە ئەم رێگاچارەیە، یانی گێرانەوەی کوردستان بۆ ناو دەوڵەت و حکومەتی سیناریۆی رەش، یانی دووبارەبونەوەی مێژووی رەشی چەند دەهەی پێشو.
خەڵکی کوردستان هەرچی زووە و بەرلەوەی کارلەکار بترازی، بەرلەوەی حکومەتی کرێگرتەی قەومی ودینی دابمەزرێ و پێبگرێ، دەبێ بەوێنەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە نمایشی جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، بکاتە گوشارێکی بەهێز و دایبسەپێنێت.